# ئەو گوناهانە کەی بچووکن؟

[ kurdish – کوردی – كردي ]

احسان بورهان الدين

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com

# ﴿ تلك الذنوب ليست صغائر ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئەو گوناهانە کەی بچووکن؟

زانای پایە بەرز ( إبن الجوزی ) لە کتیبە بە ناوبانگە گرنکەکەیدا ( صید الخواطر ) دەڵیت:

زۆر لە خەڵکی چاوپۆشی لە خۆیان دەکەن بۆ ئەنجامدانی هەندێك گوناه کە بە بچووکی دەزانن، خوێیشی لە راستیدا کاریگەری لەسەر بنەماکانی ئیسلام هەیە، بۆ نموونە قوتابیەکی زانست کتێبێك لەهاوەڵێکی دەخوازیت و نایگێرێتەوە، یان بە ئەنقەست لە کاتی نانخواردندا سەردانی کەسێك دەکات بۆ ئەوەی بەشداری نانخواردنەکەی بکات، یان بوار بەخۆدان بۆ سووکایەتی کردن وجنێودان بە ناحەزو دوژمن وبەکەم تەماشاکردنی و گوناهی لەو شێوە.

لەراستیدا ئەم جۆرە گوناهانە هیچ نەبێت خاوەنەکەیان لە پلەی بەرێزی لەلای خەڵك و خوای گەورە دادەبەزێنن، یان زانایەك لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا پرسیاری لێدەکرێت و سەرەرای نەشارەزایی هەر وەڵام دەداتەوە، نەوەك بوترێت نازانێت وبەکەم تەماشا بکرێت.

هەقیش وایە بەو کەسە بوترێت: ئەی ئەو کەسەی متمانەت پێکرا بۆ پاراستنی شتێکی کەم وناپاکیت کرد، چۆن و بەچی روویەکەوە چاوەروانی رەزامەندی خوای گەورە دەکەیت ؟

زانایەك لە پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە دەفەرموێت: چاوپۆشیم کرد لە خواردنی پاروویەك دا کە دەبوو نەمخواردایە، بۆیە چل ساڵە هەربەرەو دوا دەچم.

هاوار هاوار، گوێگرن لە قسەی کەسێکی خاوەن ئەزموون -ئیبنولجەوزی دەڵێت- هەمیشە بیرتان لای پەروەردگارتان بێت و، وریای دەرئەنجام بن، تەماشای گەورەیی

قەدغەکار بکەن، بسڵمێنەوە لە فوویەکی بایەخ پێنەدراو و،پریشکێکی بەکەم زانراو،چونکە لەوانەیە شارێك بسووتێنن.

ئەمەش کە ئاماژەم پێکرد مشتێکە لە خەروارێك و، نموونەیەکە گوناهە بایەخ پێنەدراوەکانی تر ئاشکرا دەکات، زانست و لەخواترسانیش شارەزات دەکەن لەو مەسەلانەی کەمتەرخەمیت تێیاندا کردووەەو، فێریشت دەکەن -ئەگەر بە چاوی دڵت تەماشا بکەیت- ئەو گوناهانە چەند شوومن.

منیش دەڵیم: رەحمەتی خوات لێبێت (إبن الجوزی) حاڵی ئێمەی موسڵمانانی سەدەی بیست ویەکەم زۆر خراپترە، پاساوی دوورو درێژمان بۆ گوناهەکانمان هەیە و، لەوانەش گەورەتر ئەنجام دەدەین و هەر پاساویان بۆ دەهێنینەوە، بەڵکو کەوتینەتە رۆژگارێك روو لە هەرلایەك بکەین گوناه دەبینین و گوناه دەبیسین، خۆیشمان لەوبارە ناهەموارەدا، لە جێگەی ئەوەی یارمەتی نەفسی خۆمان بدەین  بەکردەوەی چاکە ولە دژی ویستە ناشەرعییەکانی راوەستین ، رۆژ لە دوای رۆژ  بەڵگە لە سەر خۆمان کۆدەکەینەوە هەر وەکو ئەوەی مردن لە هەموو ساتێکدا بۆمان دانەنیشتبێت و ئێمە ئامانجێکی سووك و ئاسانی ئەو نەبین، هەمیشە وادەزانین کاتمان زۆر لە پێشەوەیەو دەڵێین هێشتا زووە بۆ تەوبەکردن! جگە لەوانەش لە سەردەمی زۆریی کتێب ومامۆستاو تۆری جاڵجاڵوکەییدا، روخسەتی ئەنجامدانی هەندێك گوناه لەرێگەی داپۆشینیانەوە بە پۆشاکی شەرع پەیدا بووە، چونکە هەندێك لە زاناو لەسەر زانا ژمێردراوەکان جارێکی تر دەقەکان دەخوێننەوە و جاروبار هەڵێنجانی تازەیان لێدەردەهێنن ولە رۆحی دەقەکان دوور دەکەونەوە و ئەوەندەی تر باری شەرعی موسڵمانی ئەم رۆژگارە لار دەکەنەوە.